# کرماشان

**ساڵی ١٩٠٣ ی زایینی، لە نێوەندی کوردەکانی «گۆران»، شاری مێژوویی کرماشان، تەنیا بیست نەفەر فارسزمان وەک بریکاری دارەلحکوومە نیشتەجێ بوون، تێکڕای خەڵکی ئەم شارە کورد بوون!**

نووسینی:
سدیق بابایی
تاهر عەلیار

«٣»

یەکێک لەو بابەتە گرنگانە کە لە بەردەنووسی بێستوون دا هاتووە و، دەبێ گرنگیی زیاتری بدرێتێ، کوژرانی "کومبوجییە" و گئومات" ە.

داریوش دەڵێ: "کەمبوجییە بەدەستی خۆی مرد (یانی خۆی کوشت)، یان بەمەرگی لەنەکاو مرد. ئەوە ناڕوونی مەسەلەیەکی گرنگی ئەوتۆ دەگەیەنێ.

هرۆدۆت دەڵێ: "لەکاتی سواربوونی ئەسپ دا، خەنجەرەکەی بەر ڕانی کەوت و، چۆنکە جەنجەرەکە بە ژار ئاودرابوو، بوو بە هۆی مردنی ناوبراو".

ئاشکرایەکە خەنجەر وەک کەرەسەیەکی بەرگری و هێرش، لەبەر ئەوە زۆر تیژ و مەترسیدارە، کالانی هەیە و بە تایبەت لەکاتی سەفەر و سواریدا بە کالانەوە هەڵدەگیرێ. ئەگەر بەژار ئاودرابێ، ئەوە مەترسیدارتر دەبێ و هەڵگری دەبێ زۆر وریاتربێ. دیارە لەکاتی مردنی کەمبوجییەدا، داریوش فەرماندەری پاراستنی پاسەوانانی کۆشک و بارگەی پاشایەتیی بووە. ئەو شکوگومان لێکردنە دەتوانێ بە قووەت بێ کە داریوش بۆ بەدەسەلاتگەیشتن کەسانێکی دنەدابێ کە کەمبوجییە لەسەرڕێ لابدەن. نە چۆنێتی ئەو ڕووداوە ڕوون کراوەتەوە و، نە داریوش بۆخۆی لە بەردەنووسی بێستوون دا مەسەلەیەکی گرنگی ئەوتۆ کە کوژرانی شای ئێران بێ، ڕوون دەکاتەوە. ئەمە تارادەیەک ئەوە دەسەلمێنێ کە داریوش، کوژرانی شای ئێران بە جۆرێک گۆزە بەدەرخۆنە دەکا و بە سانایی بەسەر مەسەلەکەدا بازدەدا.

لە کوژرانی "گئومات"یشدا فرتوفێڵ و پیلانگێڕانی داریوش ئاشکرایە. داریوش وێڕای ئەوە لەگەڵ سەردارانی دیکە، لەسەر کوشتنی گئومات ڕێکدەکەون، هێزی بەرەنگاری و توانای ئاشکراکردنی دوژمنایەتی لەگەڵ ئەودا لە خۆیان نابینن. ئەوان لەو بڕوایەدان کە سوپا پشتگیری لە گاماد دەکا و، ئەوان پێی ناوێرن، هەر بۆیە بە بیانووی ئەوە داریوش لە ولاتی "پارس" پەیامی تایبەتیی پێیە، لە گەڵ هاوپەیمانەکانی (سەرۆکی هۆزەکانی پارس)، بەرەو کۆشکی گاماد دەڕۆن. پاسەوانانی گاماد لەبەرئەوە داریوش و هاوڕێکانی دەناسن، پێشیان پێناگرن. تەنیا لەکاتی چوونە ژوورەوە بۆ نێو ژووری گامادە کە خزمەتکارەکان پێشیان دەگرن و، ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان لێدەبەستن. لێرەدا داریوش و هاوڕێکانی دەست بۆ چەک دەبەن و پێش خزمەتە بێ چەکەکان دەکوژن و لەگەڵ گئومات و ئەو چەند مۆغەی لەگەڵی دەبن، بەشەڕدێن و، پاش کوشتنیان سەریان دەبڕن و لەسەربانی قەلاکەوە فڕێیاندەدەنە خوارەوە و، ئەوە وەک سەرکەوتنی خۆیان ڕادەگەیەنن.

ئەم شێوە لە کودەتا و کوشتن، لە سەرتاسەری سەردەمی دەسەلاتی هەخامەنشی باو بووە. داریوشی لێدەرچێ، تەواوی پاشاکانی ئەم ڕەگەزە (هەخامەنشی)، بەشێوەی نائاسایی لەنێو دەچن. ئەو بۆخۆی پێشاندەری ململانێی بێبڕانەوە و گەندەڵی و فێڵبازیی ئەو بنەماڵەیە بۆ گەیشتن بەدەسەلات لەو سەردەمەدا بە جیساب دێت!

ڕۆژهەلاتناسانی گەورە "هرتل" و "سترۆوە"، لەوباوەڕەدان "زەردەشت" و "داریوش" لەچەرخ و سەردەمێکی هاوبەشدا ژیاون. هرۆدۆت و بەشێکی زۆر لە مێژوونووسان دەڵێن: "بەردیا، بە یاریدەری مۆغێکی خاوەن دەسەلات، دەستی بەتەختی پاشایەتیی گەیشت و، لەکاتی پاشایەتیی بەردیا دا، جگە لەو ڕێفۆرمە کۆمەلایەتییانە کە ئەنجامیدان، و پاشان داریوش هەمووی تێکدایەوە، هەروەها ڕێفۆرمی ئاینیشی ئەنجامدا. داریوش لە دانپێدانانی ئەم وتەیەدا دەڵێ، هەموو پەرستگەگان کە بەردیا تێکیدابوون، سەرلەنوێ دروستمکردنەوە".

"ئەمیل بنونسیت" ئێراناسی بەنێوبانگ لەکتێبی (آئین ایرانی برپایە متون معتبر یونانی) ڕووندەکاتەوە و ئاینی